## حەمید مەجید موسا:



# دەبێت هەموو لایەک باوەڕ بەوە بهێنن ئاسایی نەکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک واتە شەرعییەت دان بە ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس

**ماددەی ٥٨ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ڕێگەچارەیەکی باش بوو بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکووک و بڕیاربوو پاش مانگێک لە دەسبەکاربوونی حکوومەتی هەڵبژێردراو کۆمسیۆنی باڵای ئاسایکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک دەست بەکارەکانی بکات، بەڵام بە ئێستەشەوە ئەو کۆمسیۆنە تەنیا ناوە و تەنیا سەرۆکی کۆمیسیۆنەکە دیاری کراوە کە ئەویش بەڕێز (حەمید مەجید موسا) سکرتێری حزبی شیوعی عێراقە.**

**خەمساردی حکوومەتی ئەلجەعفەری لە کاراکردن و بەگەڕخستنی ئەو کۆمسیۆنە باڵایە و ئیلتیزامکردن بەو ڕێکەوتنەوە بووەتە مایەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان و حکوومەتی ئەلجەعفەری و لیستەکەی ئەگەرچی لە لێدوانەکانیاندا دەردەکەوێت لەگەڵ درێژەدانن بەو سیاسەتانەی ڕژێمی لەناوچوو کە ئەوەش گوتارێکی شۆڤێنیانەی ئەوانە، بەڵام گوشاری سەرکردایەتی سیاسی کورد ناچاری کردن ئەو لیژنەیە بەگەڕ بخەنەوە.**

**بۆ ڕاوێژکردن لە بارەی کاراکردنی ئەو کۆمسیۆنە و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ سەرۆکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڕێز حەمید مەجید موسا سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای ڕاسپێردراو بە جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ هاتە کوردستان و لە دیمانەیەکی تایبەت بە گوڵاندا ئەم بابەتەمان لەگەڵدا وروژاند و بەڕێزیان بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.**

**دیمانە: نامق هەورامی**

*** بڕیار بوو مانگێک پاش دەسبەکاربوونی حکوومەتی تازەی عێراق دەسبکرایە بە جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو هەنگاو نەنراوە، بەڕێزتان ئەم دواخستنە چۆن دەبینن؟**

– دەبوو ئەو ماددەیە لە سەرەتای دەرچوونی بڕیارەکەوە جێبەجێ کرابایە بەر لە زیاتر لە ساڵێک، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاسییەوە کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت و ئەو ئاڵۆزییانەی لەسەر کەرکووک دروست کراون بوونە هۆی دواکەوتنی کارکردن بەو ماددەیە.

ئەوەی دەبێتە هۆکاری متمانە و دڵنەوایی گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی گۆڕینی ئەو ماددەیە لە کەرەسیەکی یاساییەوە بۆ جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی فیعلی.

لەسەر حکوومەتی کاتی بوو هەنگاو بنێ، بەڵام دواکەوت و هەڵبژاردن هات بەسەردا و ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکرا بۆیە دواخستنی هەڵبژاردنیان لە کەرکووک کرد تا ئەو ماددەیە پەیڕەو دەکرێت، چونکە پێیان وابوو هەڵبژاردن بەبێ پەیڕەوکردنی ماددەی ٥٨ واتە دانپیانانی ئەو واقعەی کە دیکتاتۆری لەناوچوو دروستی کردووە. دانوستان و گفتوگۆی زۆر کرا، بەڵام بەداخەوە بە قۆناغی سەخت و دژواردا ڕۆشت و گەشتە ڕادەیەک بڕیاری بەشدارینەکردنی هەڵبژاردن بدرێت لەلایەن هێزە کوردستانییەکانەوە ئەوەبوو بۆ ڕوونەدانی ئەو حاڵەتە گفتوگۆ کرا و گەشتە ئاکامێک کە حکوومەت و پەرلەمان گەورە بەرپرسانی عێراقی و هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بەڵێن بدەنە کورد کە ئەو هەڵبژاردنە نابێتە دانپیانانی ئەو دۆخەی کە ڕژێمی لەناوچوو دروستی کردووە لە کەرکووک و پاش هەڵبژاردن دەست دەکرێت بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە و چەسپاندنی ماددەی ٥٨.

لەسەر ئەم بنەمایە گرفتەکانی وەلانران و ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردن کرا، حکوومەتی عەللاوی چاوەڕێی ئاکامەکانی

هەڵبژاردنی دەکرد بۆیە لەو کاتەدا تەنیا لیژنەی باڵای ئاساییکردنەوەی کەرکووک وەک ناو دروستکراو تەنیا سەرۆکی لیژنەکە دیاری کرا و راسپێردرا کە بیروبۆچوون لەسەر ئەو مەسەلەیە و پێشنیار و بۆچوون ئامادە بکات، بەڵام ئامادەسازی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکوومەتی تازە زیاتر لە ٣ مانگی خایاند و پاش ئەوە ئێمە دەستمان بە کارکردن کرد، لە رێککەوتنی نێوان لیستی ئیئتیلافی شیعی و لیستی هاوپەیمانی کوردستانیدا برگەیەک هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەت دەست بەجێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ دەکات راستەوخۆ پاش مانگێک لە دامەزراندن و دەسبەکاربوونی.

لەگەڵ ئەوەشدا بە داخێکی گەورەوە ئەو هەنگاوەش نەنرا و ناکۆگی دووبارە سەری هەڵدایەوە، ئایا ئەو پشتگوێ خستنە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت، تێنەگەیشتنە لە مەسەلەکە و ماددەی ٥٨ ؟ یان بەرژەوەندی لایەنێکی تێدایە مەسەلەکان دوابخرێن؟ ئەم مەسەلەیە گەشتە کۆمەڵەی نیشتمانی و لەوێ گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا و لە ئاکامدا گەشتنە ئەو بڕیارە کە ئەو لیژنەیە کارا بکرێت و دەست بەجێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ بکات بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەک و هێزە سەرەکییە بەشدارەکانی نێو کۆمەڵەی نیشتمانی.

لیژنەی باڵای ئاسایکردنەوە جگە لە هەیکەل و سەرۆکەکەی تا ئێستا لیژنەکان و ئەندامەکانی دروست نەکراون و دیاری نەکراون، بەڵام پاش ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاراکردنەوەی لیژنەکە و دیدارەکان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە دیدارێکی باش و سوودبەخش بوو، گفتوگۆ لەسەر شێوازی دروستکردنی هەیئەتەکە و لیژنەکان کرا و پێویستی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و هونەری و کارگێڕی بۆ ئەو مەسەلەیە فەراهەم بکرێت بۆ ئەوەی دەست بکەن بە کارەکانمان.

ئێستا کە هاتووینەتە کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەو بارەیەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دروستکردنی لیژنەی باڵا.

*** وێڕای ئەو رێکەوتن و بەڵێنانەی لە نێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و لیستی ئیئتیلافدا هەیە کەچی لێدوانی سەیرو سەمەرە لە بەرپرسانی نێو لیستی شیعە دەبیسترێت لەسەر مەسەلەی کەرکووک، ئەم لێدوانانە چۆن دەبینن؟**

– مەسەلەی کەرکووک مەسەلەیەکی هەستیارە و کێشەکە تازە نییە و رەگوڕیشەی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، ناکرێت تۆ پێشبینی چارەسەری کێشەیەک بکەیت بەبێ دروستبوونی گرفت و بۆڵەبۆڵ، بەڵام دواجار دەگەیتە چارەسەر و کێشەکە کۆتایی پێدێت.

چارەسەری کێشەی کەرکووک واتە بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت و قبوڵکردنی راستییەکان وەک خۆی و چارەسەریشە بۆ زۆرینەی کێشەکانی عێراق، چارەسەری کێشەی کەرکووک واتە دەسبەردار و بوونی توندوتیژی و رەدکردنەوەی ئیرادەی تاکڕەوانە و گرتنەبەری بنەماکانی ئاشتی و دیموکراسی و گەڕانەوەی ماف بۆ ماف خوراوان و راپرسی کردن بە خەڵکەکە و رێزگرتن لە بڕیاریان. چارەسەری مەسەلەی کەرکووک بە تەنیا لە بەرژەوەندی خەڵکی کەرکووک و کوردستاندا نییە، بەڵکو بەرژەوەندی تەواوی گەلانی عێراقی تێدایە.

دەبێ هەموو لایەک ئەو راستییە بزانین کاتێک دۆخی شاری کەرکووک نائارام بێت بارودۆخی عێراق بەگشتی ناتەواو دەبێت بۆیە زۆربەی لایەنەکان دەرکیان بەو راستییە کردووە کە پێویستە بارودۆخی ئەو شارە ئارام بکرێتەوە بۆ ئەمەش تێگەیشتن لە زۆربەی لایەنەکاندا هەیە، بەڵام کاتی پێویستە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی دروست بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزرێتەوە و بۆ ئەمەش ماددەی ٥٨ لەبەردەستدایە کە ماددەیەکی یاساییە لە یاسای کاتی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و بۆ ئەمەش سەرۆک وەزیرانی عێراق پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە داوە و بەڵێنی تەواوی پشتگیرییەکان و زەمینەسازی بۆ کردووە ئەمەش هەنگاوێکی باشە.

*** بەر لە چەند رۆژێک عەرەبە هاوردەکان داوایانکردبوو بگەڕێنەوە جێگاکانی خۆیان کە لێوەی هێنراون، کە ئەمەش قۆناغێکە پرۆسەی ئاسایکردنەوەی کەرکووک دەباتە پێشەوە، بەڵام لەلایەن حکوومەتی ئەلجەعفەرییەوە هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێنی نەبوو..**

– کاردانەوەی باش هەبوو بۆ ئەو مەسەلەیە لەلایەن بەڕێز

**من گەشبینم بەوەی کە هێزی خێرماوە و مرۆڤ دۆستی لە ئاستێکی باشدایە بۆیە دڵنیام دەگەین بە ئامانجێکی باش و چارەسەرێکی عادیلانە بەبێ ئەوەی باجی گەورە بدەین**

**چارەسەری کێشەی کەرکووک واتە بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت و قبوڵکردنی راستییەکان وەک خۆی و چارەسەریشە بۆ زۆرینەی کێشەکانی عێراق**

سەرکۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لەو هەنگاوە کرا و ئەو نیازەیان بە هەنگاوێک بۆ ئاسایکردنەوەی کەرکووک نرخاند. بەڵام ئەو هەنگاوەش کاتی دەوێت ناکرێ ئەوان ئەمڕۆ داوای گەڕانەوە بکەن سبەینێ بڕۆنەوە، ئەوانیش داواکارییان هەیە لەوانەش زەوی و قەرەبووکردنەوە، بەڵام نییەتەکە زۆر گرنگە.

*** بەشداری عەرەبی سوننە لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بە مەرجی گەورەوە پابەندە لەوانەش (ناسنامەی عێراق عەرەبی بێت و نابێت عێراق فیدرالی بێت و دەبێت ئیسلام تاکە سەرچاوەی نووسینەوەی دەستوور بێت) ئەمە چۆن دەبینن؟**

– ئەوانەی تازە بەشداریان لە کارەکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کردووە لیژنەیەکمان لێ دروست کردوون و کە لیژنەی رێککەوتنن و گرنگ نییە ئەوان چۆن بیردەکەنەوە لە نێویاندا هەیە فیدرالییەت سەرلەبەری رەد دەکاتەوە هەشیانە بە پێچەوانەوە هاوکارن.

ئەوان بۆیان هەیە رەخنەبگرن رەدبکەنەوە ئێمەش بە پێچەوانەوە ئەمە کارێکی تەندروستە و کەس بۆی نییە مافی ڤیتۆی هەبێت، دەبێت ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا هاتووەتە گۆڕێ قبوڵی بکەن.

فیدراڵییەت رای زۆرینەی هێزەکانە و ئیجماعی لەسەرە ئیدی ئەوەی بە پێچەوانەی ئەو ئاراستەیەوە کاربکات هەڵەی گەورە دەکات.

ئەوان بوونی هەرێمەکان رەد دەکەنەوە، بەڵام بە ناچاری ئەوەی کوردستان قبووڵ دەکەن، چونکە بووەتە شتێکی چەسپاو و حاشا هەڵنەگر، بەڵام ئەوە دەبەسنەوە بە سنووری جوگرافی هەرێمەکەوە کە هەرێمی کوردستانە و مەبەستیان لەوە ئاسایینەکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکانی ترە و نایانەوێت کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

ئێمە لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەواندا لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی تێیان بگەیەنین لەسەر چۆنییەتی فیدراڵییەت. ئەگەر ویستیان ئەوە باشتر و ئەگەرنا ئەوە لای عێراقییەکان قبوڵ ناکرێت.

هەرچی ناسنامەی عێراقیشە لە یاسای کاتیدا هاتووە کە گەلی عەرەبی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، بەڵام ئێستا هەندێک بۆچوون هەیە بۆ راستکردنەوەی ئەوەی کە ئەی گەلی کورد بەشێکە لە کام نەتەوە؟

چەند بۆچوونێک لەم بارەیەوە هەیە لەوانەش..

١-عێراق فرە نەتەوە و فرە ئایینە و لە نێو ئەو سنوورەدایە کە پێی دەگوترێت نیشتمانی عەرەبی و ئیسلامی.

٢- بۆچوونی دووەم دەڵێت فرە نەتەوەیی و ئایینە و بەشێکە لەو چوارچێوەی کە پێی دەگوترێت جیهانی عەرەبی.

٣- ئەوانی تر پێیان وایە دەبێت ناسنامەی عێراق وەک جاران عەرەبی بێت.

ئێستە لە گفتوگۆداین لەسەر ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی شێوازێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

*** کەرکووک کلیلی سەقامگیری عێراقە، ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرێت عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە یان بە پێچەوانەوە؟**

– ئەگەر چی پرسیارەکە جۆرێک رەشبینی پێوە دیارە و ئەمەش حەقی خەڵکە کە بەو جۆرەیان هەر جۆرێکی تر بیر بکاتەوە. مەسەلەکە جۆرێک ئاڵۆزی تێدایە، بەڵام ئاسۆکانی چارەسەری ئەو مەسەلەیە دیارن ئەویش یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی کە لە ماددەی ٥٨دا خۆی دەبینێتەوە و ئەوەش کارتێکە بە دەستی گەلی کوردەوەیە بە دەست ئەو هێزانەوەیە کە خوازیاری خۆشەویستی و تەباری و برایەتین و ئەوە نەخشەی رێگایە بۆ چارەسەری کێشەکان ئەو کێشانەی رژێمە سەرکوتکەرەکان بەجێیان هێشت بۆ گەلانی عێراق و هێزە دیموکراسیخوازەکانی و زۆربەی هێزە سیاسییەکانیش دەرکیان بەوە کردووە مانەوەی ئەو کێشەیە بەبێ چارەسەر مانای ناسەقامگیری سیاسییە لە عێراقدا.

من گەشبینم بەوەی کە هێزی خێرماوە و مرۆڤ دۆستی لە ئاستێکی باشدایە بۆیە دڵنیام دەگەین بە ئامانجێکی باش و چارەسەرێکی عادیلانە بەبێ ئەوەی باجی گەورە بدەین، ئەگەر کۆت و پێوەندەکان شکان گرفتەکانیش چارەسەر دەبن.

من ئێستا وەک سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای ئاسایکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک ئەم قسانە دەکەم و دڵنیاتان دەکەم ئەگەر نیازپاکی هەبێت لە کارەکەدا ئەوا ئەو هەنگاوە رۆژانە دەچێتە پێشەوە و ئێمەش بەپێی رەوایەتی کێشەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین و سەرەنجام هێزی خێر سەردەکەوێت. ■

**لە رێککەوتنی نێوان لیستی ئیئتیلافی شیعی و لیستی هاوپەیمانی کوردستانیدا بڕگەیەک هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەت دەست بەجێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ دەکات راستەوخۆ پاش مانگێک لە دامەزراندن و دەسبەکاربوونی**